کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17-9-2007 20:46بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## بۆچی د. زریان لە وەزیرەکانی پێشووتر دەرسی وەرنەگرت! ... د. زاهیر سوران

هەرکاتێك نەخۆشییەك لە کوردستاندا بڵاوبۆتەوە بەرپرسانی بێتوانای وەزارەت هانایان بۆ ئەو بێگانانە بردووە کە لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا وەکو دوژمن مامەڵە لە گەڵ کوردا دەکەن بێ ئەوەی نەختێك بیر لە ئەنجامەکانی بکەنەوە.



پێشووتر هەردوو وەزیری تەندروستی سلێمانی و هەولێر هاتن و وەزیری تەندروستی بەناو عێراقی فیدراڵیان کردە سەرپشك بۆ ئەوەی لەمەڕ ئەنفلوەنزای باڵندە وە چی ویست بیڵێت و ئەوە بوو هاتە سلێمانی و بە خشکەیی گۆڵێکی لە وەزیری ئەو کاتە و بەڕێوەبەری ئەوساوئێستای تەندروستی شارە حەیاتە کە کرد بێئەوەی کەمێك شەرم لە خۆیان بکەن!

ڕۆژی 14 ی سەپتەمبەر ئەو ڕاپۆرتەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیم خوێندەوە کە لە ماڵپەڕەکەیاندا (www. who. int) بڵاویان کردبۆوە وەلێ پێی سەرسام نەبووم.

لەبەرئەوەی کاتێك بەرپرسە بێتواناکانی بەناو بەشی خۆپاراستن لە نەخۆشییە درمەکان و بەڕێوەبەرە مشەخۆرەکانی دی نێو وەزارەت (د. نەعیمە الجاسر) یان هێناو بە مۆنیا کەوتنە دووی و مامە حەمە کردنی وایان لە وەزیریش کرد لە گەڵ خۆیدا بیبات بۆ شارو لە کۆنفراسە ڕۆژنامە نووسییەکانیدا بەشدار بێت. ئەو کاتە بێتوانایی خۆیانییان نیشان دا کە توانای بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنیان نییە و بوونەتە مۆتەکەی سەر ملی نەخۆش.

هەرئەو کاتە دەبوایە تێبگەن کە د. نەعیمە هەمان بیرکردنەوەی وەك عارەبەکانی دی هەیە هەر ئەویش لەپشت ئەو ڕاپۆرتە تێروتەسەلەوەیە، یان ئەوەتا مشەخۆرەکانی دەوری د. زریان زانیارییان داوەتە (د. نەعیمە) و ڕۆڵیان لە ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتەدا هەبووە بۆ زێدەتر شکاندن و بە خراپە ناوزەندکردنی باری تەندروستی نێو هەرێم.

زۆر پێویستە د. زریان د. نەعیمە بانگ بکات و بیهێنێتە بەردەم کامێرای تەلەفزیۆنەکان و ڕاشکاوانە ڕاستییەکان یان بۆ ڕوون بکاتەوە لەمەڕ ڕاپۆرتەکەی و جارێکی دی ڕێگای پێ نەدرێت سنووری دەستەڵاتی خۆی ببەزێنێت و ناماقوڵی دی بکات.

ئەوسا وەزیرسی تەندروستی دەیسەبمێنێت کە لە نێو ماڵی خۆیدا ئەو بڕیار دەدات نەك ئەوانەی لە جنێف ڕاپۆرتەکان بڵاو دەکەنەوە. دەنا هەیبەتی وەزارەتەکەی لە دەست دەدات.

گەر وا نەکات چۆن ئەمڕۆ کۆنترۆڵکردنی ئاوی خواردنەوەیان دراوەتە دەست ئەوان، ساڵێکی دی بەڕەکەیان لە ژێر پێ دەردەکێشن و بەڕێوەبردنی هەرێمیش دەدەنە دەست (UN) بە بیانووی ئەوەی کە کورد توانای بەڕێوەبردنی نییە، ئەوسا هەموو کورد دەستیان لە بنی هەمانەکەوە دەردەچێت!!!

پسپۆری نەخۆشییە درمەکان، پسپۆری پزیشکی گشتی و پزیشکی بەشی خۆپاراستن – ستۆکهۆڵم.
070916

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.